**کوردستان**

حەسەن قزڵجی

هۆ، چ کەژ وکێوێکی بەرز!
کام چەکمەی خوێناوی دەتوانێ بە ئەم چیا بەرزانەدا سەرکەوێ!
کام ڕاوکەری بێگانە دەتوانێ ئاسکە شارەزاکانی ئەم ڕەوەزانە بە دیل بگرێ!
ئێوارەیەکی خەفەت ئاوی،
ئینسانێکی دیل بە دەستی بەستراو،
نە پێکەنینێکی بە سەر لێوەوە و نە گریانێک،
بە سام وێستاوە.
هۆ، چ شیو و دۆڵێکی قووڵ!
ئەوەندە قووڵ کە ئینسانی بە قووڵایی "هەژار" خولقاندوە.
هۆ، چ شیوێک، هاژەی قزڵ وەزان لە دەمیدا شیرین و ئاگرینە،
بە چەشنێکی وا کە دەڕژێتە خاکی ئێمەوە
 وەک قاسیدی دڵی ئاگرین خەڵک...(ساخ نەکراوە)
نزار و لێرەواری بەڕو  بە بەرۆکی چیاکاندا هەڵدەکشێن.
ئێواران هەر مەڵێک هەزار ئاوازی ئەفسانەی دەخوێنێ،
ئەو ئەفسانانەی وەک لایە لایەی دایکێک وان کە بە هەوای ئەوانە،
 کوردستانی جوان وردە وردە خەو دیباتەوە.
ئەوسا کە دەڕوانیە پێدشتییەکان،
مەزرای سەوزی تووتن وەک زەنبەق ڕاخراو،
چاوت دەلاوێننەوە.
بە درێژایی ڕۆژ کچان و کوڕان بە پانایی ئەو دەشتە ئارەق دەڕێژن.
ڕەشماڵان لە کوێستان،
شوان لە دەوار و بلوێر بە دەم شوانەوە،
ئاوازی خوێناوی لێدەدا و بە پەرۆشێکی ئەوەندە گەورە،
کە فەرهادی قارەمانی لە باوەشی بێستووندا نوقمی خوێن کرد و
 شیرین ئەو شۆخەی ڕۆژگاری خۆی و خونچەی وڵاتەکەی لە گیانی خۆی وەڕز کرد.
هۆ، چ کەژ و کێوێکی بەرز!
کام چەکمەی خوێناوی دەتوانێ بە ناو ڕەوەزەکانیدا بڕوا!
کوڕانی چاوگەلاوێژ ڕاوکەری ئەم ڕەوەزانەن و
مەحەبەتێکی ئەوەندە قووڵیش لە دڵیاندا دەجوڵێ کە داخ دەباتە دڵی سەلاحەدینەوە،
بە حیماسەی ئەفسانەیی تووڕەییەوە کە دڵی دوژمن دادەخورپێنێ.
هۆ، چ کەژ و کێوێکی چەقیوو داکوتراو!
چ خەڵکێکی سەر بەرز!
دۆستی هەموان و برای ئێمە! هاڤاڵ چەندە بە ئەمەگی!
ئەمەگێکی ئەوەندە مەزن وەکوو تاشە بەرد لە ناو بڵێسەی ئاگردا.
چ شیوو دۆڵێکی قووڵ،
چ ئاوێکی ئاگرین!
نزارەکان بە بنارەکاندا ڕاکشاون،
تووتنەکان دەشتاییەکانیان داپۆشیوە.
ئێواران هەر مەڵێک هەزاران ئەفسانە دەخوێنێ،
هەزاران و هەزاران.
ئەمەیە کوردستان،
ئەمەیە کوردستان!
تا ئەو وەختە کە قزڵ وەزان ئاژینە و خوڕەی دێ و ئەستێرەکان چاو لە زەوی دادگرن،
بەروبووی ڕەنجی شانی خەڵکەکەت هەر زۆر بێ!
کوردستانی برامان هەر بژی!

**ڕوونکردنەوە:**

ئەم شێعرە ساڵی 1978 (ڕەنگە سەرەتای ساڵ) لە بەشی کوردی ڕادیۆی پیکی ئیران، بە دەنگی مامۆستا حەسەن قزڵجی بڵاوکراتەوە. شێعرەکە بە کوردی کراوی شێعرێکی ئازەربایجانیە بە ناوی کوردستان. عەلیڕەزا نابدل شاعیری ئەو شێعرە ، یەکێک لە ئەندامانی چریکەکانی فەدایی خەڵکی ئێران بوو، کە لە ڕێکەوتی 1350/12/22(1971/3/13) لە لایەن ڕژیمی محمد ڕەزا پەهلەویەوە، تیرباران کرا.
دوکتور عەزیز فەیزنیژاد هەر ئەو دەم ئەو بەرنامەیە لە سەر کاسێت تۆمار دەکات و دواتر شێعرەکە دەیهێنێتە سەر کاغەز. پاشان نوسخەیەکی دەستخەت لەو شێعرە دەدات بە بەرپرسانی گۆواری چریکەی کوردستان لە لەندەن، کە ئەوان لە یەکەمین ژمارەی چریکەی کوردستان، لە مانگی ئابی ساڵی 1979 لە چاپی دەدەن.
دوکتور عەزیز فەیزنژاد لە کۆتایی مانگی فوریە(ڕێبەندان)ی ساڵی 2010 ، کۆپی ئەو نووسخە خەتییەی بۆ من نارد و شەوی یەک شەممە 28ی فوریە لە ڕێگای تەلەفونەوە، گوێبیستی کاسێتی ناوبراو بووم و پاش چەند جار گوێ ڕاگرتن و قسەکردن لە سەر وشە و ڕستەکان لە گەڵ کاک عەزیز،نووسراوەکە بەو چەشنەی کە لە بەر دەست دایە ساخ کراوەتەوە. تەنیا لە یەک شوێندا دوو وشە کەوتووە، کە هیچمان بۆمان ساخ نەکراوە. پاشان من هەر دوو نوسخەی کوردی و ئازەرییەکەم بە یەکەوە بەراوەرد کرد، بەو حاڵە ناکرێ ڕێک ئەو دوو وشە کە مامۆستا قزڵجی بەکاری هێناوە لە نووسراوە ترکی یەکە وەرگیرێ، لە بەر ئەوە وەرگێڕ جگە لە کۆمەڵێک وشەی دیاری تێکستە ئازەرییەکە، بە پێی سروشتی تێکستە کوردییەکە و ناوەرۆکی شێعرە ئازەرییەکە جوڵاوەتەوە، هەر بۆیە جێگای ئەو دوو وشەیە بە بەتاڵی ماوەتەوە. دوای ئەوە هەردوو شێعرە کوردی و ئازەرییەکە ناردرا بۆ کاک ئەنوەر سوڵتانی و کاک حەسەن قازی، کە کاک حەسەن لە چەند شوێن شێعرە ئازەرییەکەی ڕاست کردۆتەوە، کە بە هەر دوو پیتی لاتین و عەرەبی لە بەر دەست دایە.

برایم فەرشی
2010/3/4 ئاڵمان - کۆڵن

**کوردوستان**

بو داغلار اوجا باش
اوجا باش داغلارا قانلی چکمه لر
یول آچا بیلمز
بو داغین جیرانی اوزگه اوخجوون اوخونا گلمز
قوللاری باغلانان اسیر بیر اینسان
توتقون آخشاملاردا آغلاماز، گولمز
دره لر ائله درین کی
"هژار" درینلیگده اینسانلار بسله ییب
دره لرده آخان قیزیل اوزمنی
سویو هم شیرین، هم ده آتشین
ائله بیر سو کی، او بیزیم یوردوموزا چاتاندا بئله،
هدیه گتیریر کئچدیگی ائل لردن اورَک آتشین
دوشلر مئشه لیک، پالیت مئشه لری
آخشاملار قوشور هر قوشو مین دستان
بو لالای سسیله آستاجا آستاج
ا یوخویا گئدیر گوزل کوردوستان
بو داغلار قوجا باش ائل لری اوجا باش
هامی یا بیر دوست، بیزه بیر قارداش
آی یاخان اودلارا، بیرلیکده یانان وفالی یولداش
دوشلره یئنسَک چکلیب یاپیلیب
گوم گوی زانباق تک دوزلرده توتون
دوزلرده چالیشیر اوغلانلار قیزلار گوندوزو بوتون
یایلاقدا اوبا، اوبادا چوبان
چوبانین آغزیندا اینجه بیر توتک
او سویله ییر ایگیدلر چکن غملری
ائله بیر غم کی بیستون داغیندا
ایگید فرهادی بولاییر قانا
عصری نین گوزلی یولونون چیچگی
آلا گوز شیرینی گتیریر جانا
بو داغلار اوجا باش
اوجا باش داغلارا قانلی چکمه لر یول آچا بیلمز
بو داغدا گزَرلر ایری گوز اوغوللار
اورَکلرینده درین بیر سئوگی
او سئوگی کی «صلاح الدین» نین کونلون داغلادی
افسانه‌لرده اینسانلار تکین بیلن باغلادی

دره لر درین، سولار آتشین
دوزلر توتونلوک، دوشلر مئشه لیک
آخشاملار قوشور هر قوش مین دستان
بورا کوردوستان بورا کوردوستان
خان قیزیل اوزن آخان گونه جک
اولدوزلار یئره باخان گونه جک
بول اولسون خالقی نین اکدیگی بوستان!
وار اولسون بیزیم قارداش کوردوستان!
[اوختای - زنده یاد علیرضا نابدل]

**Kürdistan**

Bu dağlar uca baş
Uca baş dağlara qanlı çekmeler
Yol aça bilmez
Bu dağın ceyrani üzge oçunun oxuna gelmez
Qollari bağlanan esir bir insan
Tutqun axşamlar da ağlamaz gülmez
Dereler derin ele derin ki
Hejar derinlikde insanlar besleyib
Dereler de axan Qızıl Uzenın
Suyu hem şirin, hem de ateşin
Ele bir su ki, o bizim yurdumuza çatanda bele,
Hedye getirir geçdi eler den ureg ateşin
Düşler meşelık, palıt meşeler
Axşamlar oxur her quş min destan
Bu lay lay sesile astaca astaca
Uyxuya gedır güzel Kürdistan
Bu dağlar qoca baş, elleri uca baş
Hammiye bir dost, bize bir qardaş
Ay yaxılan odlar da, birlikde yanan wefali yoldaş
Düşlere yensek, çekilib yaylıb
Gum gwey zanbaq tek düzler de tutun
Düzlerde çalışır oğlanlar qızlar gündüzu butun
Yaylaq da oba, oba da çoban
Çobanın ağzında ince bir tutek
O suyleyir igidler çeken ğemi
Ele bir ğem ki Bistun Dağında
Igid Ferhadi bulayir qana
Esrinin ğüzeli, yurdunun çiçeği
Ala güz Şirini getirer cana
Bu dağlar uca baş

Uca baş dağlara qanlı çekmeler yol açа bilmez
Bu dağda gezeler irigüz oğullar
Ureklerinde derin bir sevgi
O sevgi ki Selahedinın gunlun dağıldi
Efsaneler de insanlar tekin belın bağladi
Dereler derin, sular ateşin
Düzler tutunlık, düşler meşelık
Axşamlar qoşur her quş min destan
Bura Kürdistan, bura Kürdıstan
Xan Qızıl Uzen axan gunedek
olduzlar yere baxan günedek
Bol olsun xalqinın ekdigi bostan
var olsun bizim qardaş Kürdistan

